# ئەرک و مافەکانی ئەندام پەرلەمان و کۆتایی پێهێنانی ئەندامێتی

ئامادەکردنی
**حاکم عەنی بەزاز**
جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان

٢٠١٣

سەرەتا لای هەمووان ڕوونە کەوا دانیشتنی پەرلەمان نابێتە دانیشتنێکی یاسایی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی نەبێ، بڕیارەکانیش بە زۆرینەی ئامادەبووەکان دەدات، بەدەر لەو حاڵەتانەی کە بە پێی یاسا پێویستی بە زۆرینەیەکی تایبەت دەبێت. ئەگەر دەنگەکانیش یەکسان بوون، ئەوا دەنگی سەرۆک لایەکیان قورس دەکات و پڕۆژە یاساکان مادده بە مادده دەنگیان لەسەر دەدرێت. دانیشتنەکانی پەرلەمان ئاشکران دەکرێ لەسەر داوای سەرۆکی پەرلەمان یان لانیکەم چواریەکی ئەندامەکان و ڕەزامەندی پەرلەمان بە زۆرینەی ئامادەبووان دانیشتنەکە نهێنی بێت ئەرک و مافەکانی ئەندامی پەرلەمان و کۆتایی پێهاتنی ئەندامێتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئاماژە پێ دەدەم:

# یەکەم
# ئەرکەکانی ئەندامی پەرلەمان

١. ئەندام پابەند دەبێت بە ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و ئەو لیژنانەی تیایاندایە و نابێ ئامادە نەبێت لە کۆبوونەوەکان بەبێ هۆیەکی ڕەوا کە سەرۆک یان سەرۆکی لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بە کۆبوونەوەی لیژنەکان دیاری دەکەن و لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی لە هەر دانیشتنێک بەبێ هۆیەکی ڕەوا بڕی (٣٠٠٠٠) دینار لە مووچەکەی دەبڕدرێت.
٢. دەبێت ئەندامی پەرلەمان لە شوێنی تایبەتی خۆی دابنیشێت لە هۆڵی کۆبوونەوەدا کە بەپێی پیتەکانی هیجا ڕێکخراون لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە.
٣. ئەندامی پەرلەمان بە مۆڵەتی سەرۆک لە دانیشتندا قسە دەکات.
٤. داواکارییەکان بۆ قسەکردن تۆمار دەکرێن لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕیزبەندی و ئەو کەسانە قسە دەکەن کە پێشتر داوای قسەکردنیان کردووە.

٥. ئەندام قسەکانی ڕووبەڕووی سەرۆک دەکا، وتەبێژ لە شوێنی خۆیدا ڕادەوستێ یان لەسەر ئەو سەکۆیە دادەنیشێت کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراوە و نابێ قسەکانی خۆی دووبارە بکاتەوە.

٦. نابێ قسەکانی ئەندامی تر دووبارە بکاتەوە کە پێش ئەو قسەیان کردووە و لە حاڵەتێک دا ئەگەر ئەندامانی پێش ئەو قسەیان لەسەر بۆچوونی ئەو کردووە، دەبێت بڵێت قسەکانم کراون.

٧. نابێ قسە لە بابەتێک بکات کە جێگای باسکردن و گفتوگۆکردن نییە.

٨. نابێ بگەرێتەوە بۆ گفتوگۆکردنی ئەو بابەتانەی کە یەک لاکراونەتەوە.

٩. نابێ ئەندامی پەرلەمان سەرپێچییەک بکات کە دەشێ کار بکاتە سەر بەرێوەچوونی کۆبوونەوەکە یا قسەی نابەجێ بکات و لەکاتی هەر سەرپێچیەک سەرۆکی پەرلەمان بەم شێوەیەی لای خوارەوە کرداری لەگەڵدا دەکات:

أ.(بەبیر) ئەندامەکە دەخرێتەوە کە ڕێک و پێکی دانیشتنەکە بپارێزێت.

ب.(وریا) کردنەوەی ئەندام ئەگەر ملی نەدا و هەر بەردەوام بوو، ئەنجامەکەشی بریتی دەبێت لە لادانی قسەکانی لە کۆنووسەکەدا.

ج.(بێ بەش) کردنی لە کۆبوونەوەکە.

د.(ڕاگرتنی) کۆبوونەوەکە ئەگەر ڕێک و پێکی شێواو و سەرۆک نەیتووانی بیباتەوە دۆخی ئاسایی.

هـ. (دواخستنی) کۆبونەوەکە لەکاتی سوود وەرنەگرتن لە ڕاگرتن.

١٠. ئەدام بوون لە پەرلەمان و وەزیفەکانی گشتی هاوکات پێکەوە ئەنجام نادرێت و ئەندام بۆ کاری پەرلەمان تەرخان دەبێ لەگەڵ ئەویشدا ئەنجامدانی ئەرکی حزبایەتی و نەقابی یان ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە ئەنجامدانی کاری وزیفەییان کاری دەست ڕەنگینی یان پیشەیی دانانرێت.

١١. نابێ ئەندامی پەرلەمان لە هەمان کاتدا ئەندامی ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراوی پەیوەست بە فەرمانگە و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بێت.

١٢. ئەندامی پەرلەمان بۆی نییە بۆ خۆی یان بەهۆی هی ترەوە لەکاتی ئەندامییەتیدا گرێبەند (عقد) لەگەڵ حکومەتی هەرێم دا ببەستێ.

١٣. ئەندامی پەرلەمان بۆی نییە ئەندامییەتیەکەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاربهێنێ.

١٤. نابێ ئەندام لەیەک کاتدا ئەندام بێ لە پتر لە دو لێژنەی هەمیشەیی لە لێژنەکانی پەلەماندا.

١٥. نابێ ئەندامی پەرلەمان ئەندام بێ لە ئەنجوومەنی وەزیران و لە هەمان کاتیشدا ئەندام بێ لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەماندا.

١٦. نابێ ئەندامی پەرلەمان سەرۆک یان جێگری سەرۆک یان بڕیاردەری پتر لە لێژنەیەک بێت.

# دووەم
# مافەکانی ئەندامی پەرلەمان

١. ئەندامی پەرلەمان مافی خۆیەتی ( ڕا ) دەرببڕێ لەسەر ڕادەربڕین و ئەو ڕووداوانەی لەکاتی بە جێهێنانی ئەرکەکانی لە پەرلەماندا لێیان ناپرسرێتەوە.
٢. ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە پرسیارەکانی بە نووسینێک یان بە زار لە ڕێگەی سەرۆکی پەرلەمانەوە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات بە مەرجێک پرسیارەکە کورت بێ و تیشک بخاتە سەر ئەو ڕووداوانەی کە پێویستە ڕوون بکرێتەوە و تانە لێدانی تێدانەبێ.
٣. پرسیاری نووسراو ڕووبەڕووی سەرۆکی پەرلەمان دەکرێتەوە، ئەویش ڕەوانەی لایەنی تایبەتمەندی دەکات دوای ئەوەی پوختەکە دەخاتە ناو بەرنامەی کاری ئەو دانیشتنەی کە دوای پێشکەشکردنی پرسیارەکە دەبەسترێ.

٤. ئەندام بۆی هەیە کەی ویستی پرسیاری زارەکی بکاو، بۆ سەرۆک نییە کە لە سێ پرسیار زیاتر وەربگرێ تا بتوانرێ بەسەر دانیشتنەکەدا دابەش بکرێ، لەو کەسەی کە پرسیاری کردووە بترازێ کەسی تر نابێ بەشداری کفتوگۆکردن بکات و بۆی نییە لە (دە) دەقیقە زیاتر قسە بکات و ئەگەر ئەوەندە کات بەشی نەکرد دەتوانێ پرسیاری نووسراو پێشکەش بکات، یان وەڵامەکەی بۆ دانیشتنی داهاتوو دوا بخات.

٥. سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یان ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بۆیان هەیە دەست بەجێ دوای خوێندنەوەی، وەڵامی پرسیاری نووسراو بدەنەوە یان بە نووسین لەماوەی (١٥) ڕۆژدا لە مێژووی بەدەست گەیشتنیانەوە، وەڵام بدنەوە.

٦. وەڵامی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دوای گەیشتنی لە یەکەم دانیشتندا دەخوێندرێتەوە، ئەگەر ئەوەی پرسیاری کردووە بە وەڵامەکە ڕازی بوو یان ئامادە نەبوو، بابەتەکە وادادەنرێ کۆتایی پێ هاتووە.

٧. ئەگەر حکـومەت لە مـاوەی یاسـاییدا (خـلال المـدة القانونیـة) وەڵامـی پرسـیاری ئەنـدامی پەرلەمـانی نەدایەوە، بۆ ئەمەی دوای ڕەوایە هەواڵەی پرسینەوەی بکـات ئەویـش پێکهـاتووە لە داواکـردن لە دەسـەڵاتی جێبەجێ کردن کە هۆیەکانی هەڵسوکەوتی خۆی یان مەبەسـتی لە کارێکـدا ڕوون بکـاتەوە بەبـێ ئەوەی ئـارەزووی خـوتێکەڵکردن بەکاووبـاری دەسـەڵاتی جێبەجێکردنی تێدابێت.

٨. ئەنـدامی پەرلەمـان ئەگەر ویـستی پرسـینەوە لە ئەنـدامێکی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن بکـات، دەبـێ پرسـینەوەکەی بە شـێوەی نووسـین بـێ و سـەرۆکی پەرلەمـان پرسـینەوەکە بە دەسـەڵاتی جـێ بەجێکـردن ڕادەگەیەنێت دوای ئەوەی دەیخـاتە بەرنـامەی کـاری یەکەم دانیـشتنەکە کە لە دوای پـێ ڕاگەیانـدنەکە دەبەسـترێت و کـاتی گفتوگـۆکردنەکەش دوای هەفـتەیەک دیـاری دەکرێـت، لەوبـارەدا نەبـێ ئەگەر پەرلەمـان پەلەی بـێ و ئەنـدامی دەسـەڵاتی جێبەجێکردنیش ڕەزامەندی بۆ کردبێ.

٩. ئەگەر گفتوگۆکردن لەسەر پرسینەوە بە دەنگدان کۆتایی پێ هات و دەنگدانەکەش بووە هۆی ڕەتکردنی، پرسینەوەکە وا دادەنرێ مەسەلەکە کۆتایی پێ هات. لە کاتێکیشدا ئەگەر پەرلەمان بە دوو لەسەرسێی ٣/٢ ژمارەی ئامادەبووان پشتگیری پرسینەوەکەی کرد، ئەم پشتگیرییە بە بەخشین دادەنرێت لە پلە و پایەکانی ئەو کەسەی کە لێی دەپرسێتەوە بە گوێرەی یاسا.

١٠. لەکاتی خولەکاندا نابێ بەبێ ڕێپێدانی (پەرلەمان) هیچ کام لە ئەندامانی پەرلەمان لەسەر هەر تاوانێک ڕاوەدوونان بکرێ یان بگیرێ تەنها لە حاڵەتی گرتنی ڕاستەوخۆدا بە کردنی تاوانێک نەبێ و پەرلەمان دەڕوانێتە ڕاستەقینەی داواکە ئایا بۆ بەرقەرارکردنی دادوەری یان داوانانەوەیە (کیدیە) بە مەبەستی خرابەکاری دەرهەق بە ئەندامەکە.

١١. لەکاتی پشووەکاندا نابێ بەبێ ڕێپێدانی (سەرۆک) هیچ کام لە ئەندامانی پەرلەمان ڕاوەدووی بنرێ یان بگیرێ لەسەر تاوانێک تەنها لە حاڵەتی گرتنی ڕاستەوخۆدا بە کردنی تاوانێک نەبێ.

١٢. خزمەتـــی (کـــارکردنی) ئەنـــدامانی پەرلەمـــان لە پەرلەمانـــدا بـــۆ مەبەســـتی زیـــادەی ســـاڵانە و پـــلە بەرزکردنـەوەو خانەنـشینی دەژمێردرێـت و هەروەهـا ئەو مـــاوەیەی کە یاســـاناس لە ئەنـــدامێتی پەرلەمانـــدا بەســـەری دەبـات بە خزمەتـــی دادوەری بە کـــردار بـــۆ مەبەســـــتی دامەزرانـــــدن و تەرفیـــــع و تەرقـــــیە هەژماردەکرێت.

١٣. ئەنـــدامی پەرلەمـــان بـــۆی هەیە مـــۆڵەتی ئاســـایی وەرگرێـــت ئەگەر بـــارودۆخەکەی پێویـــستی بەوەکـــرد ئەویش (١٥) ڕۆژ تێپەر نەکات لە نێوان هەر خولێک لە خولەکانی گرێداندا.

١٤. ئەنـدامی پەرلەمـان بـۆی هەیـە مـۆڵەتی نەخۆشـی بەشـێوەیەکی ئوسـوڵی لە نێـوان خولەکـانی گرێدانـدا وەربگرێت.

١٥. ئەنـــدامی پەرلەمـــان مـــافی ئەوەی هەیە کە داوا لە دەســـــتەی ســـــەرۆکایەتی پەرلەمـــــان بکـــــات کە بیرۆکەیەک بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی لەلایەن حکوومەتەوە خودان بکرێت.

١٦. ئەنـدامی پەرلەمـان لەگەڵ ژمـارەیەک لە ئەنـدامانی پەرلەمــان کە (دە) کەس کەمتــر نەبــن، بۆیــان هەیە پێشنیاری پڕۆژەی یاسا و بڕیارەکان بکەن.

١٧. ئەنـدامی پەرلەمـان مـافی هەڵگـرتن و گـرتنە دەسـتی (حمــل و حیــازة) چەکێکــی شەخـصی (دەمــانچە و تفەنگی ئۆتوماتیک) ی هەیە و ناسنامەی ئەندامی ئیعتبـار دەکرێت بە مـۆڵەتی یاسایی بـۆ بەکارهێنـانی ئەو مافە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٣.

١٨. ئەندام پەرلەمان پاسەوانی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێت کە ژمارەیان لە سێ کەس پێک دێت.

١٩. دوای کۆتـایی هـاتنی ئەنـدامییەتی و لە دەسـتدانی لە پەرلەماندا یەک پاسەوانی تایبەتی بۆ دەمێنێتەوە

# سێیەم
# خاڵی پەیڕەوی ناوخۆ

مەبەست لە خاڵی پەیڕەو ئەو خاڵانەیە کە کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێت بەشێوەیەکی بەردەوام لە گفتوگۆکردندا تا پرۆسەی دەنگدان، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

أ. ئاگاداركردنەوەی ئەندام لەسەر ئەوەی کە گفتوگۆیەکانی سەرپێچی کردنە لە حوکمەکانی دەستوور یان یاسا یان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

ب. چوونە دەرەوە لەو بابەتانەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

ت. وتەی یەکێک لە ئەندامەکان کار لە ئەندامێکی تر بکات.

پ. بە هەڵە تێگەیشتن و ڕاستکردنەوەی، هەروەها لەبارەی هەر خاڵێکی گرنگی ناو باسی گفتوگۆیەکە پێویستە ڕوونکردنەوەیەکی پێویستی لەسەر پێشکەش بکرێت.

ج. چوونە سەر بابەتێک کە دەنگدانی لەسەر ئەنجام درابێت.

ح. کەلێن خستنە نێو زنجیرەی ئەو بابەتانەی کە خراونەتە بەرنامەی کار.

خ. ئەو بابەتانەی خراونەتە بەرباس، داوای ئەوە بکرێت کە دوابخرێت یان چاوی پێدا بخشێنرێتەوە بۆ دوای بەشێکی تر لە بابەتەکە، کە پێویستە پێشان ئەویان بڕیاری لەسەری بدرێت یان گفتوگۆی تەواو کرابێت.

ئەگەر ئەندامێک داوا بکات قسە بکات بەپێی پەیڕەو، پاشان دەرکەوت کە ئەو بابەتەی قسەی لەسەر دەکات بە پێی پەیڕەو پێی نەدراوە، سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە ڕێگە نەدات بەردەوام بێت لە قسەکردن و جارێکی دیکە ڕێگەی پێ نادرێت قسە لەسەر خاڵی دواتری پەیڕەویش بکات.

# چوارەم
# کۆتایی هاتنی ئەندامییەتی لە پەرلەماندا

ئەندامییەتی پەرلەمان لەم حاڵەتانەدا کۆتایی پێدێت:

١. تەواوبوونی ماوەی پەرلەمان یان هەڵوەشاندنەوەی.

٢. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام و لێ قبوڵکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان.

٣. لە دەستدانی ئەندام، بە مەرجێک لە مەرجەکانی پاڵاوتن بۆ ئەندامییەتی پەرلەمان بە زۆرینەی دوولەسە سێی (٣/٢) ئەندامان بڕیار لەسەر ئەمە بدات.

٤. ئامادەنەبوونی ئەندام بۆ سێ دانیشتنی یەک لە دوای یەک بەبێ هۆیەکی ڕەوا.

٥. مردنی ئەندام.

**سەرچاوەکان:**

١- یاسای پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمووارکراو.

٢- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو.

٣- بەشێک لە بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان.

٤- بەشێک لە ڕێنماییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.